
# بولات ئەکۆجاڤا 1924-1997

**و: عیســـا چیایی**

شاعیرێکی قەفقاسییە، ساڵی (1924) لە مۆسکۆ لەدایکبووە، ساڵی (1997) هەر لەوێ مردووەو لە گۆرستانی مەزنەکان نێژراوە، بە بریاری حکومەتی روسیا لەناوچەی ئاریات کە زێدی شاعیرەو لە سەنتەری مۆسکۆدایە پەیکەرێکی بۆ دروستکراوە ٠

خۆی ئاوازی بۆ چامەکانی دادەنا و لەگەڵ گیتاردا دەیچڕێ، بەڵام لە ئێزگەو تەلەفزیۆنەکاندا پەخشکردنی قەدەغەبوو، چونکە چامەکانی نەدەچوونە ژێر باری ئیلتیزامو تێگەیشتنی ریالیزمی سۆسیالیستییەوە، کە رووگایەکی سیاسیی باو بوو..

**گۆرانییەکی بچکۆڵە لەبارەی فوودانکەوە***



کچەکە دەگری:
فوودانکەکە باڵی گرتەوە...
دڵی دەدەنەوەو
فوودانکەکە باڵ دەگرێتەوە.
کچەکە دەگری:
کوا زاواکەی..؟و
دڵی دەدەنەوەو
فوودانکەکە باڵ دەگرێتەوە.
ژنەکە دەگری:
رۆشتووە بۆ لای ژنەکەی تریو
دڵی دەدەنەوەو
فوودانکەکە باڵ دەگرێتەوە،
پیرەمێردەکە دەگری:
کەم ژیاو
فوودانکەکە،
شین... بەرەنگی ئاسمانی،
دەگەڕێتەوە..

*(فوودانکە): بەعەرەبی (نفاخە) بەکوردی (شیشەڵدان )و زۆرتریش (میزەڵدان)ی پێ دەگوترێ.

**گۆرانییەکی بچکۆلە لەبارەی ژیانی خۆمەوە..**

ئەڤینی یەکەم
دڵ دەسووتێنێو
ئەڤینی دووەمیش
لە یەکەم ئەڤین دەنوارێ،
بەڵام ئەڤینی سێیەم
کلیل لە قوفڵدا دەجووڵێنێ،
کلیل هەڵدەلەرزێو
جانتای سەفەریش —بەدەستەوەیە.

* * *

جەنگی یەکەم،
خەتای کەسی تێدا نییەو
جەنگی دووەم
خەتای کەسێکی تێدایە،
بەڵام جەنگی سێیەم
تەنیا خەتای منی تێدایە... و
خەتاکەی منیش
بەرروونی دەبینرێت......

* * *

فێڵی یەکەم
لە دەمی خۆرهەڵاتندا، تەمومژێکەو
فێڵی دووەمیش
سەرەتای لەرینەوەیەکە، لە مەستیدا.
بەڵام فێڵی سێیەم
ئەوا زۆر لە شەو رەشترە..
زۆر رەش تر...
لە جەنگ و کوشتن زۆر ترسناکترە
زۆر ترسناکتر...

**فرانسوا ڤیبون**

خــودایە
مادامەکی زەمین دەسوورێتەوە،
مادامەکی رووناکی دەبریسکێتەوە،
مرۆڤ چیی پێویستە پێی ببەخشە:
هۆشمەندی ببەخشەبەپیاوی هۆشیارو
ئەسپ بە ترسنۆکان
پارەش بە دڵخۆشەکان
منیشت بیر نەچێ..

* * *



مادامەکی زەمین دەسووڕێتەوە
خودایە ئەوە ویستی تۆیە
دەسەڵات ببەخشە ئەوانەی کە زۆر تینوون بۆی،
تا تێر دەبن
ئاسوودەیی ببەخشە خەڵکانی بەسەخاوەت
تا رۆژ هەڵدێ
پەشیمانی بە قابیل
منیشت بیر نەچێ...
* * *
دەزانم، تۆ توانات بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێ و
بڕوام بەحیکمەتی تۆ هێناوە،
هەروەکو چۆن سەربازێکی کوژراو، بڕوای بەوەیە
کە دوای مردن لە بەهەشتدا دەسووڕێتەوەو
هەروەکو چۆن گوێکانمان بڕوایان
بە وشە کزەکانت هێناوە
هەروەکو چۆن ئێمە خۆمان
بەبێ ئەوەی بزانین
بڕوامان بەکارەکانمان هێناوە..
* * *
ئەی خاوەن ئەو دوو چاوە سەوزانە
مادامەکی زەمین دەسووڕێتەوە
مادامەکی ئاگر
مادامەکی زەمان،
بەشی ئێمە دەکەن،
شتێك، بە هەموو خەڵك ببەخشە.. و
منیشت بیر نەچێ..
* * *

**ژێدەر:**
گۆڤاری (الموفق الادبی)ی عێراقی ژمارە (10) ساڵی دووەم –(1997)
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی/ د. ضیاء نافع.
لاپەڕە(139-142)